
# رامبۆ لەگۆڕستانە

بڕیار وایە ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی سیلڤستەر ستالۆن ناسراو بە(رامبۆ) بەشداری لەفیلمێکی نوێدا بکات بەناوی (گۆڕستان).

ئەم فیلمەی نوێیەی ڕامبۆ باس لەئەندازیارێك دەكات كە پسپۆرە لەنەخشەسازی بەندیخانەكان و تاوانبار دەكرێت بەكوشتنی كەسێك بێئەوەی ئاگای لەتاوانەكە هەبێت و بەناچاری دەخرێتەوە نێو زیندانەوە كە خۆی دروستیكردووە، بەڵام ناتوانێت بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت بۆیە بڕیار دەدات تاوانباری ڕاستەقینە بدۆزێتەوە و تۆڵەی خۆی لێبكاتەوە.

لەم فیلمەدا لەپاڵ ستالۆن چەند ئەستێرەیەكی دیكە بەشداری دەكەن لەوانە ئارنۆڵد شوارزنگەر كە تا ئێستا ڕۆڵی سەرەكی بۆ دانەنراوە، هەروەها تائێستا دەرهێنەری فیلمەكە دیاری نەكراوە، بەڵام بڕیار وایە مایكل هاڤنسرۆم بەئەركی دەرهێنانی فیلمەكە هەستێت لەجیاتی ئەنتوان فۆكوا كە پێشتر ئەم ئەركەی پێ سپێردرابوو.





# باشترین ئەكتەرە و تەلەڤزیۆنی نییە

ڕەنگە ئەم هەواڵە تا ڕاددەیەكی زۆر سەیر بێت و هەموو كەسێك بەئاسانی باوەڕ نەكات كە تا ئێستا كیرا نایتلی ئەستێرەی سینەمایی بەریتانی ئامێرێكی تەلەڤزیۆنی لەماڵی خۆیدا نییە.

لەم بارەیەوە كیرا لەدیمانەیەكیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (صن)ی بەریتانی ڕایگەیاند كە ماوەی پێنج ساڵ دەبێت ئامێری تەلەڤزیۆنی لەماڵی خۆیدا نییە، هەرچەندە یەكێكە لەعاشقەكانی تۆپی پێ و حەز دەكات یاریەكان ببینێت، لەوەڵامی پرسیارێكیدا سەبارەت بەوەی بۆچی تا ئێستا ئامێرێكی تەلەڤزیۆنی نەكڕیوە كیرا گوتی: ئەو بەرنامانەی لەسەر تەلەڤزیۆن نمایش دەكرێن بەرنامەی بێ مانان و هیچی لێ فێرنابین، ئەوەی زیاتر سەرنجم ڕادەكێشێت زنجیرە درامییەكان و بەرنامە دیكیۆمینتەكانە.

لەكۆتاییدا دیمانەكەدا كیرا دەڵێ: ئەوەی تێبینیم كردوو كەوا تەلەڤزیۆن كاتێكی زۆرم دەبات بێ ئەوەی بەرنامەكانی شیاوی ئەوە بن كاتی خۆیانی پێ تەرخان بكەیت، بۆیە بڕیارمداوە وازی لێ بهێنم و لێی دووركەومەوە.



# کچەکەی مایکل جاکسۆن سەرنجی خەڵک بۆ چاوەکانی ڕادەکێشێت

پاریس جاکسۆنی کچی هونەرمەندی کۆچکردووی ئەمریکی مایکل جاکسۆن سەرنجی میدیاکانی ئەمریکای بۆلای خۆی ڕاکێشا دوای ئەوەی ئامادەی یەکەم نمایشی فیلمی (The Immortal World Tour) بوون.

ماوۆکاری گرنگی پێدانی میدیاکان بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کچی مایکڵ جاکسۆنە، بەڵکو بۆ جوانی چاوەکانی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوەندەی باس لەجوانی چاوەکانی کرا کە ڕەنگیان شینی دەریاییە، ئەوەندە باس لەوە نەکرا کە کچی مایکڵە و لەگەڵ برنس و بلانکێتی برای ئامادەی ئەم نمایشە بوون.

شایەنی گوتنە بڕیار وایە پاریس بەشداری لەفیلمێکدا بکات بەناوی (پردی لەندەن و سێ کلیلەکە) کە تێکەڵێکە لەنێوان وێنەی کارتۆنی و وێنەی ڕاستەقینە و داهاتەکەشی بۆ خزمەت کردنی قوتابخانەکان دەبێت لەئەمریکا.

# تابلۆیەک بە٢٥٠ ملیۆن دۆلار دەکڕدرێت

گۆڤاری (فانیتی فیر) بڵاویکردەوە کە دەوڵەتی قەتەر بەنیازە تابلۆیەکی هونەری بکرێت کە دەبێتە گرانترین تابلۆ لەمێژوودا. ڕۆژنامەکە زیاتر گوتی کە دەوڵەتی قەتەر ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر کڕینی تابلۆیەکی هونەرمەندی جیهانی پۆڵ سیزار کە بۆ سەردەمی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ دەگەڕێتەوە و بەرپرسانی ئەو وڵاتە



ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ کڕینی ئەم تابلۆیە و بڕی ٢٥٠ ملیۆن دۆلاریشیان تەرخان کردووە، شایەنی گوتنە بەرپرسانی ئەم دەوڵەتە بچووکە هەوڵ دەدەن بیکەن بەناوەندێکی ڕۆشنبیری جیهانی و پارەیەکی زۆریان تەرخان کردووە بۆ کڕینی تابلۆ و پارچە پاشماوە مێژووییەکان لەسەرتاسەری جیهان.




# سکارلێت لەپێوەندییەکی نوێدا

دوای چەند ساڵێك لەڕەبەنی و تەنیایی ئێستا سکارلیت جوهانسونی سەرنجراکێشترین خانمە ئەکتەری هۆلیوود لەپێوەندییەکی خۆشەویستی بەهێزدا دەژیت لەگەڵ گەنجێکی ئەسمەری ڕەش تاڵە.

دوای جیابوونەوەی لەڕاین رینۆلدزی هاوسەری پێشووی بۆ ماوەیەکی زۆر شکارلیت پێوەندی لەگەڵ کەس نەبوو نە لەئەکتەرەکان و نە لەخەڵکی ئاسایی، هەرچەندە چەندین پروپاگەندە بڵابۆوە سەبارەت بەپێوەندی لەگەڵ شۆن بین، بەڵام هیچیان ڕاست نەبوون.

بەڵام ماڵپەڕی بیبول چەند وێنەیەکی سکارلێتیان بڵاوکردەوە کە دەستی لەناو دەستی گەنجێکی ئەسمەر ناوە لەیەکێك لەشەقامەکانی مانهاتن، سەرچاوەیەکیش ئەوەی ڕاگەیاند کە ئێستا سکارلێت پێوەندی لەگەڵ ئەم گەنجەی خەڵکی نیویۆرك هەیە و لەبواری ڕیکلام کار دەکات و پێشبینی دەکرێت لەماوەیەکی نزیکدا دووبارە لەژیانی ڕەبەنی دوور بکەوێتەوە.



یەکێکە لەهونەرمەندە دەنگخۆش و ناسـراوەکان کە ساڵانێکی زۆرە لەبواری گۆرانی و موزیك خزمەت بەهونەری کوردی دەکات، ئەگەرچی ماوەیەك وەکو پێویست دەرنەکەوت و تا ڕادەیەك دوورکەوتەوە، بەڵام ئەو دڵ و هەستی هەر لەگەڵ شیعر و ئاوازەکان بووە و هەر بەو ئاوازانەوە دڵی لێدەدا، بەر لەماوەیەك وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنسێرتێکی گۆرانی بۆ هونەرمەند محەمەد عەزیز ساز کرد و تێیدا چەند گۆرانییەکی کۆنی خۆی بەبیر عاشقان و شەیدایانی هونەرەکەی هێنایەوە، بۆ باسکردن لەو کۆنسێرتە و زانینی هۆکارەکانی دابڕانی کاتیی هونەرمەند محەمەد عەزیز ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ئەنجامدا.

## محەمەد عەزیز:

# نەوەی نوێ لە هەڵبژاردنی ئاواز و هۆنراوەدا لاوازن

*** سەرەتا با لەکۆنسێرتەکان دەست پێ بکەین بۆچی دواکەوت؟**

-هەندێ کاری فەرمی هەبوو دەبوایە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری زوو بکرایە، بەڵام دواکەوت گوناهی ئێمەی تێدانەبوو وەك هونەرمەندانی بەشداربوو، بەڵام بۆ ڕێکخستنی کۆنسێرت خۆتان دەزانن ئامادەباشی زۆری دەوێت.

*** هۆی چی بوو ماوەیەك دابڕای لە ئەنجامدانی کاری هونەری؟**

-دابڕانم واز هێنان نەبوو، بەڵام کاری تایبەت بەخۆم هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کاری هونەریم کردووە وەکو ئاواز دانان بۆ چەند هونەرمەندی گەنج.

*** ڕات چییە بەرامبەر بەهونەرمەندە گەنجەکان؟**

-کاری جوان دەکەن، بەڵام زۆری چاولێکەرییە، بۆ نموونە لاساییکردنەوە بۆتە شتێکی زۆر ئاسایی بەحەزیش دیارە لەناو بەرهەمەکانیان هەواڵ و ئاوازی تازە نادەن پێیان، شەرمە تەکلیف بکەن دواییش گۆرانییەکە سەرکەوتوو نابێ هەر ماوەیەکەو ون دەبێ لەبەر چاو.

*** بۆچی ئێوە کۆمەڵە هونەرمەندێك بوون لەکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان لە لوتکە بوون، بەڵام دواتر تا ڕادەیەك ون بوون؟**

- بیبوورە ئێستاش ئێمە دوا نەکەوتووین، بەڵام لەهەندێ کاردا شەرم دەکەین بەتایبەت لەهەموو دەرگایەك نادەین بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانمان.

*** بەڵام داواکردنی هاوکاری لە حکومەت لە دەرگا دانە یان داوا کردنی مافی خۆتانە؟**

- ئێمە خزمەتی هونەری ئەو وڵاتەی پێ دەکەین، بۆیە وەك ئەرکێکە دەبێ ئێمەی هونەرمەندانیش تێیدا کاربکەین و ئەرکی حکومەتیشە هاوکاریمان بکات لەهەموو ڕوویەکەوە بەمافی خۆمانی دەزانین.

*** پێتوایە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەئەرکی خۆی هەستا بێت لە خزمەتکردنی هونەر و هونەرمەندان بەتایبەتی لە بواری گۆرانی و موزیك؟**

- تا ئەندازەیەك درێخی ناکەن، بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش واستە لەپێش هەموو کارێکە، چونکە خەڵکی زۆر بێ کەڵك و گەندەڵی تێدایە.

*** ئێستای هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی چۆن دەبینی؟**

- وەك محەمەد عەزیز گەشبینم بەهونەری کوردی، چونکە کاری جوان دەکرێ مانای ئەوە نییە کە لەهەندێك گەنجەکان ڕێگایان ون کردووە ئەوە تێکدان و ڕووخانی هونەری کوردی نییە، من هونەری کوردی لەئاستێکی باش دەبینم لەگەشەکردن و سەرکەوتندایە.

*** بەڵام هەست ناکەی بێ سەرووبەری پێوە دیارە؟**

- هەموو کارێك هەر کامڵ نابێ، دەبێ کەموکورتی تێدابێ بۆئەوەی هەوڵ بدرێت تا کاری باشتر و سەرکەوتووتر ئەنجام بدرێ.

*** تۆ لە نەوەیەکی هونەرمەندانی کە تا ڕادەیەك لەوەی ئێستا جیاوازە، خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو نەوەیەی ئێستا ئاسانە یان سەختە؟**

- نەخێر، چونکە ئێمە وا ڕاهاتووین کەخەڵکی ئەو وڵاتەین ئەزموونیشمان لەوان زیاترە، بۆیە بەئاسایی دەیبینم.

*** چ جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لەنێوان ئەو دوو نەوەیە؟**

- دەنگی خۆشیان کەمەو لەهەڵبژاردنی ئاواز و هۆنراوەدا زۆر لاوازن، سەرەڕای ئەو پێشکەوتنەی لەئامێر و ئەو تەکنۆلۆجیایەی کە ئێستا هەیە لەگەڵ جاران زۆر جیاوازن.

*** پێتوایە ئێستا شاعیر و تێکستنووسی گۆرانیمان وەکو پێویستە؟**

-بەڵێ شاعیری باشمان هەیە، بەڵام دەتوانم بڵێم وەکو پێویست ئاوازدانەری باشمان نییە.

*** زۆر کەس دەڵێن هەندێك لە هونەرمەندان بەحوکمی کارەکەیان بێوەفان تەنانەت بەرامبەر بە یەکتریش، تۆ هیچ هەڵوێستی لەو شێوەیەت ڕووبەڕوو بۆتەوە؟**

- بەڵێ هونەرمەندی بێوەفا هەیە، بەڵام من لێیان دەبوورم، بەڵکو بەخۆیان بچنەوە.

# کانی هەڵەبجەیی ڕەتی دەکاتەوە کار لەگەڵ ڕۆزبێ بکات

**کانی هەڵەبجەیی جگە لەوەی خاوەن چەندین تێکستی شیعری ناسکە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی شیعرەکانی لەشێوەی شیعری ئازادن ژمارەیەکی کەمیان کراون بەگۆرانی، هەروەها جگە لەشـــیعر نووســـین لەبواری گۆرانی وتنیشدا خۆی تاقیکردۆتەوە و گۆرانییەکی بۆ شاری هەڵەبجە وتووە و زۆریش تێیدا سەرکەوتوو بوو، بۆیە چاوەڕێی پاشەڕۆژێکی پرشنگداری لێدەکرێت لەو بوارەشدا، کانی وەك کچێك پڕۆژە ی هونەری زۆر لەخەیاڵیدا گەڵاڵە بووە لەدیمانەیەکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** بیستوومانە بەنیازی گۆرانیەك لەگەڵ ڕۆزبی بڵێی ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

- زۆر کەس وا تێگەشـــتوون کە پرۆژەیەکی لەو جـــۆرە هەبێت لە نێوان من و ڕۆزبـــێ، بەڵام ئەوە تەنیا هەڵە تێگەشـــتنی مانشـــێتی دیمانەیەکە کە لە ماڵپەڕێـــک لەگەڵـــم ئەنجام درابوو، پرســـیارێکم لێکرابـــوو کە لەگەڵ چ هونەرمەندێک حەز ئەکەم دوێت بکەم، لە وەڵامدا منیش وتبووم کە زۆر حەز بە دەنگی ڕۆزبی دەکەم و پێم خۆشە لە ئاییندە بتوانم لەگەڵی گۆرانی بڵێم، بەڵام هەواڵەکە بە جۆرێکی تر بڵاو بۆوە. کەواتە نەخێر ئەو هەواڵە ڕاست نییە، بەڵام دیسان دەڵێم خۆشحاڵ دەبم گەر لە ئاییندەدا شتێکی وا ئەنجام بدەم.

*** ئایا شاعیرانی کورد لەشیعری ئازاد سەرکەوتوون؟**

- لـــە نێو دنیای شـــیعری کوردیدا چەند نووســـەرێکی زۆر بەتوانامان هەیە بەتایبەتی لە نووســـینی هۆنراوەی ئازادا، بەڵام لە هەمان کاتدا بەداخەوە زۆر لە نووسەرەکانمان شـــیعری ئازاد بەرەو دەقێکی فەلسەفی دەبەن کە بە هیچ جۆرێک قافیەی نییە کە بەڕای من ئەوە دەکەوێتە قاڵبی دارِشـــتن و دوور دەبێت لە شـــیعر، بە شێوەیەکی گشتی شاعیری زۆر بەتوانامان هەیە کە ئەوە مایەی خۆشحاڵییە.

*** بۆچی تێکستەکانت زۆر بەکەم دەکرێن بەگۆرانی هۆکارەکەی چییە؟**

- ئـــەو هۆنراوانەی بڵاویان دەکەمەوە زیاتر هۆنراوەی ئازادن و لە چوارچێوەی کێش و بڕگەدا نەمنوســـیون بۆیە ئەســـتەمە بکرێنـــە گۆرانی. بەڵام کاتێ هونەرمەندێک داوای تێکستی گۆرانیم لێ دەکات بە تایبەت بۆی دەنووسم. پاشـــان ناتوانم تێکســـت بۆ هەموو کەسێک بنووســـم. دەنگێک نەتوانێ بە هەستەوە وشەکانم بگەیەنەتە خوێنەر ناتوانم دڵی وشەکانمی بەمێ تا لە لێدان بیوەســـتێنێت. لەگەڵ ئەوەش چەند هونەرمەندێکی بەڕێز چەند تێکســـتێکی منیان کردۆتە گۆرانی و توانیویانە هێندەی دیکە ڕۆح ببەخشنە دێڕەکانم.

*** زۆرێك لەخەڵك گلەیی لەتێکســـتی گۆرانی گۆرانییێـــژە تازەکان دەکەن، گوایا تێکستەکان لەقسەی سەرشەقام دەچێت ڕات چیە بەمە، ئایا گەر بکرێت بەراوردێـــك لەنێوان ئەو هۆنراوە تازانەی کە ئێســـتا دەکرێن بەگۆرانی لەگەڵ هۆنراوە کۆنەکان کە دەکران بەگۆرانی؟**

- بە پێچەوانەوە ئەو تێکستانەی لە ئێستادا دەکرێنە گۆرانی زۆر بە گونجاوتر دەبینم بۆ گۆرانی وەک لەوەی کۆن دەکرا. ڕاستە چەند کەسێک هەن تەنیا وشـــە ڕیز دەکەن و بێ واتا دەیکەنە گۆرانی، بەڵام ئەوە پێی دەوترێ وشەی گۆرانی نەک تێکســـتی گۆرانی، لە هەمان کاتدا لە ئێستادا زۆر تێکستی جوان هەیە کە بابەتێکی جوانی لەخۆ گرتووە و ناســـکانە نووسراوە و زۆر بۆ گۆرانی دەگونجێت.

*** جیاوازی ئازادی ئافرەت لەکوردستان لەگەڵ ئەوروپا چییە؟**

- جیـــاوازی ئازادی ئافرەت و تاک لە کوردســـتان و ئەوروپا ئەوەیە، کە لە ئەوروپا خەڵکەکە باش لە ئازادی تێگەشـــتوون ئەوجا پەیڕەوی دەکەن. بەڵام لای خۆمان هێشتا تاک ئازادی مرۆڤایەتی تێنەگەشتووە ئیتر ئازادی ئافرەت کوجا مەرحەبا.

*** کانی چ ئافرەتێکی لا جوانە؟**

- خۆی هەر ئافرەتێک متمانەی بەخۆی بێت و ناخی جوان بێت حەتمەن جوانە و لام ناشرین نییە. بەڵام گەر تەنیا شێوە بڵێین، ئەوا زیاتر مۆدێلە جیهانییەکانم لا جوانـــە، واتە ئافرەتێک قەڵەو نەبێت و ماکیاجی زۆر نەکات.

*** ئەی ڕقت لەچ پیاوێکە؟**

- ڕقم زۆر لەو پیاوانەیە کە خۆیان بە زیاتر دەزانن لە ئافرەت و نازانن مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بکەن.

*** تاچەند بەجوانیەکەی خۆت دەنازی؟**

- من خـــۆم وا بەجوان نازانم تا پێی بنازم. بەڵام دڵخۆشـــم بەوەی هەمە.



